Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# یارمەتیدانی کەمئەندامی Disability assistance بۆ ئەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشیی خراپ بوون

بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ پشتگیری دارایی بۆ کەسێک فەراهەم دەکات کە سەرپەرشتی منداڵێک بکات کە تەمەنی لە 16 ساڵ کەمتر بێت و نەخۆشییەکی کوشندەی تێدا دەستنیشان کرابێت. دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ـەکە بەردەستە بەبێ گوێدان بەوەی کە چەندە لەمەوبەر منداڵەکەیان نەخۆشییەکەی تێدا دەستنیشان کراوە و گرنگ نییە ماوەی چاوەڕوانکراوی مانەوەی منداڵەکە لە ژیاندا چەندە.

بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ لە 2 بەش پێکهاتووە: بەشی سەرپەرشتی و بەشی توانای جوڵان.

بەشی توانای جوڵان لە بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ تەنها بۆ ئەو منداڵانە بەردەستە کە تەمەنیان 3 ساڵ و بەرزترە.

**چۆن داوا پێشکەش دەکەیت**

ئێمە هەر ئەمانەمان دەوێت:

- فۆڕمێکی کورتکراوەی داوانامەی پارەپێدانی کەمئەندامی منداڵ کە تەنها داوای زانیاری بنەڕەتی دەکات
- پشتڕاستکردنەوەی دەستنیشانکردنی نەخۆشی کوشندە لە منداڵەکەدا لە دوکتۆر یان پەرستارێکی تۆمارکراوەوە کە سەروساختی لەگەڵ سەرپەرشتیکردن یان دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیدا هەبێت

ئەو فۆڕمەی کە دوکتۆر یان پەرستارەکە دەبێت پڕی بکەنەوە و بیگێرنەوە بۆ ئێمە هەڵسەنگاندنی دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـە بەگوێرەی فۆڕمی ڕێسا تایبەتەکان لە سکۆتلەند (BASRiS) بۆئەوەی زانیاریمان بدەنێ سەبارەت بە نەخۆشییە کوشندەکەیان. ئەوە بوار بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت بۆئەوەی داوانامەکەیان بە خێرایی بەرەوپێش بەرین. کەسێک دەتوانێت داوا لە پزیشک یان پەرستاری خۆی بکات ئەم فۆڕمەمان بۆ بنێرێت یان داوامان لێبکات لەبری ئەو  لە پزیشک یان پەرستارەکە داوای بکەین.

ئەگەر دوکتۆر یان پەرستارەی ئەوان فۆڕمێکی DS1500 یان فۆڕمێکی SR1 ی لەبری ئەوە پڕکردبێتەوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند ئەوە پەسەند دەکات.

**کاتێک ئێمە داوانامەیەکمان بەدەست دەگات**

ئەگەر منداڵەکە بەگوێرەی ڕێسا تایبەتەکان شیاو بێت:

- ئەو کەسە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرزترین بەخشینی سەرپەرشتی وەردەگرێت
- ئەو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرزترین ڕێژەی توانای بزووتن وەردەگرێت ئەگەر منداڵەکە تەمەنی 3 ساڵ یان زیاتر بێت
- بەخشینەکەی بەردەوام دەبێت بەبێ ئەوەی کە پێویست بە پێداچوونەوە بکات، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە گۆڕانکاری لە هەلومەرجدا هەبێت
- بەخشینەکەی لەو ڕێکەوتەوە ئەژمێر دەکرێت کە داوانامەکەتمان بەدەست دەگات یان لەو ڕێکەوتەوە کە نەخۆشییە کوشندەکە دەستنیشان دەکرێت، هەر کامێکیان زووتر بێت. دەتوانرێت پارەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ ڕێکەوتی دەستنیشانکردنی نەخۆشی کوشندە، تا ئەوپەڕی 26 هەفتە پێش ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاری.

**ئایا ئەمە چەندە دەخایەنێت؟**

داوانامەکە بەخێرایی بەرەوپێش دەبرێت و لەلایەن ئەو ستافانەی ئێمەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە بەتایبەت ڕاهێنانیان پێ کراوە. ئێمە نامەیەک لەگەڵ بڕیارەکەمان دەنێرین.

mygov.scot/childdisability

پەڕەی زانیاری

### وەرگرتنی بیروڕایەکی دووەم سەبارەت بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەک

کەسێک دەتوانێت هەوڵی بەدەستهێنانی بۆچوونێکی دووەم بدات ئەگەر پێی وەها بێت پێویستی پێیەتی. زانیاری زیاتر بەدەست بهێنە دەربارەی پەیماننامەی ماف و بەرپرسیارێتییەکانی نەخۆش لەڕێگەی ڕۆیشتنە سەر **gov.scot/patientcharter**.

### ئایا کەسێک دەتوانێت داوا بۆ هەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ێکی پەیوەندیدار پێشکەش بکات؟

ئەو هەروەها لەوانەیە شایستە بێت بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت)، خزمەتگوزاری یان پشکە پەیوەندیدارەکان. بۆ زانیاری زیاتر، بچۆرە سەر **mygov.scot/benefits**.

### ئەگەر منداڵێک لە ڕێکەوتێکی دواتردا نەخۆشییەکی کوشندەی تێدا دەستنیشان بکرێت

ئەگەر منداڵێک ئێستا بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ وەربگرێت و دواتر نەخۆشییەکی کوشندەی تێدا دەستنیشان کرا، تکایە بەبێ بەرامبەر پەیوەندی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندەوە بکە بە ژمارە 2222 182 0800. ڕاوێژکارە تایبەتمەندەکانمان دەتوانن یارمەتییان بدەن لەڕێگەی پرۆسەکەوە بەبێ پەلەپەل و بە ئارەزووی خۆی.

### کەسێک چۆن دەتوانێت زانیاری زیاتری دەستگیر ببێت و داوا پێشکەش بکات؟

ئەوان دەتوانن زانیاری زیاتر بەدەست بهێنن و لەسەر ئینتەرنێت داوا پێشکەش بکەن لە **mygov.scot/benefits**. ئەوان هەروەها دەتوانن بەشێوەی کەسی یان لەسەر تەلەفون داوا پێشکەش بکەن یان داوای داوانامەیەکی وەرەقە بکەن بە پۆست لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بەبێ بەرامبەر بۆ **2222 182 0800**

### پێویستیت بە پشتگیرییە لە داکۆکیکارێکەوە؟

خزمەتگوزاری داکۆکیکاری سەربەخۆی ڤۆیس ئەبڵتی VoiceAbility پشتگیری کەسانی کەمئەندام دەکات کاتێک داواکاری بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند پێشکەش دەکەن. بەبێ بەرامبەر پەیوەندی بە ڤۆیس ئەبڵتی VoiceAbility ـەوە بکە بە ژمارە **1660 303 0300** یان لەڕێگەی سەردانی ئەم ماڵپەڕەوە **www.voiceability.org**.

### خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟

بەبێ بەرامبەر تەلەفۆنمان بۆ بکە: 2222 182 0800

خزمەتگوزاری گواستنەوەی تێکست: 4000 244 0300+ 18001(بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی هێمای بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot

**فۆلۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند (Social Security Scotland) بکە**